لە زمانی چیرۆکنووسانەوە

و: حەمە کەریم عارف

ناوی کتێب: لە زمانی چیرۆکنووسانەوە
بابەت: دیمانە و گفتوگۆی چیرۆکڤانی
و: حەمە کەریم عارف
دیزاینی ناوەوە:
دیزاینی بەرگ:
چاپی یەکەم:

**پێرست**

١- یەشار کەمال( ١٩٢٢-         )
٢- جان دۆس پاسۆس(١٨٩٦-١٩٧٠)
٣- جۆرج سیمنون (١٩٠٣-١٩٨٥)
٤- خۆرخیە لویس بۆرخیس(١٨٩٩-١٩٨٦)
٥- میلان کۆندیرا (١٩٢٩-         )
٦- ئێرنیست هەمینگوای (١٨٩٩-١٩٦١)
٧- جیمز تربر (١٨٩٤-١٩٦١)
٨- ویلیام فۆکنەر (١٨٩٧-١٩٦٤)

## ١- گفتوكۆيەك دەگەڵ يەشار كەمالدا

### سازدانى: ئانتوان گۆدمار

### وەرگێرانى: حەمەكەريم عارف

*- يەشار كەمال، بە پێچەوانەى زۆربەى نووسەرانى هاوچەرخەوە كە بابەتى غوربەت و غەريبايەتى زەمێنەى بەرهەمەكانى پێكهێناون، تۆ نووسەرێكى، يەجگار پابەندى مەرزو بۆى زاگەو زێدى خۆتى.

- بەڵێ بە ڕادەيەك پابەندم دەتوانم بڵێم ئەگەر لە شوێنێكى ديكە لەدايك بوومايە، بێگومان نەدەبووم بە نووسەر. چونكە مەرزو بۆى كيليكيا* لە توركياى باشووردا كە زێدو زاگەى منە، ولآتێكە تايبەتمەندى خۆى هەيە: پەتيترين و خاليسەترين زمانى توركى تيادا بەكار دەبەن و تاقە شوێنێكە كە سوننەت و عادەتى داستانبێژى قارەمانيەتى تيا پارێزراوە. گوندەكەى زێدى من (حەميدە) كاروانسەراى كۆنى ئەو خێڵاتە توركمانانە بووە، كە تازە ئاكنجى بوون. گوندێكى سەيرە: نەقڵ و حيكايەتى نەقڵبێژان و جەژن و ئاهەنگ و كەرنەڤاڵى ديهاتى، لاى لايەى سەرانسەرى ژيانى منداڵيى من بووە.لە گشت گوندەكانى ئەو دەورو بەرەدا چالاكى كەلتوورى جۆراوجۆر وگرينگ هەبوو.

*- منداڵێك كە لەو هامەج و كەش و هەوايەدا گەورە دەبێت چ شتێكى بە مێشك و دڵدا دێت؟

- من لە تەمەنى پازدە ساڵيدا نزيكەى سەد دانەم لەو چيرۆك و بەيت و گۆرانيانە دەزانى.لە نێو جەماوەرى خەڵكى ئێمەدا دوو شايەرى گەورە هەن: (كاراجا ئۆغلان)، شايەرى ليريكى سەدەى هەڤدەيەم و(دادال ئۆغلو) شايەرى شيعرى شۆرشگێرى و ياخيگەرى لە سەدەى نۆزدەيەمدا. بەلآم رەگ و ريشەى زۆربەى چيرۆك و بەيتەكانيان دەچوونەوە سەر داستان (مەلحەمە). بەناوبانگترين داستان ( كوێر ئۆغلو) بوو.ئەمە بريتييە لە سەربهووردى خانێك كە داوا لە مەيتەرو ميرئاخورەكەى خۆى دەكات باشترين ئەسپى بۆ پەيدا بكات.كابراى مەيتەر دەچێ ئەسپێكى مردەڵەى لەرى بۆ دێنێت. خان تورە دەبێت. لە نەعرەتە دەدات: " تۆ دژمنى منيت..وەرن چاوى لە ميل بدەن!" دواى ئەوەى چاوى دەردێنن، لە بارەگاو دەربارى خانى وەدەر دەنەن. يارۆى كوێر ئەسپەكە دەگەڵ خۆى دەبات، دەيداتە دەست كوڕەكەى و پێى دەڵێت: " ئەم ئەسپە، ئەسپێكى ئەفسووناوييە". ئيدى كوێر ئۆغلو ، بەو ئەسپەو بەسەر ئەو ئەسپەوە شەڕى هەموو زۆردارانى دنيا دەكات و دەبێت بە قارەمانى جەماوەرى رەش و رووتى خەڵكى. بەلآم ئەسپەكەى عومرى جاويدانى هەيە..ئيستاش لە بازاڕى حەڵەبدا هەندێ ئەسپى بەڵەك دەفرۆشن كە گوايە خێرو فەڕ دەگەڵ خۆ دێنن. ئەم چيرۆكەى كە لەو چەند وشەيەدا بۆم گێڕانەوە، چل دانە رۆژ دەخايەنێت. يانى لە زنجيرە بويەر و رووداوێكى چل ئەڵقەيى پێكهاتبوو. بەلآم باشترين ئاشقانيش لە بيست رووداوێكى سەربهوردەكە زياتريان نەدەزانى و لە نيوەيدا پەكيان دەكەوت.

من پاشان بە دەم سۆراخ و تاقیبەوە توانیم یەکێك لەو سەربهورد و واریقاتانە کە بە تەواوەتی لەبیر چووبووەوە، زندوو بکەمەوەو دایبڕێژمەوە.

جگە لەم داستانانە. زۆر شیعرو سەردولکە و شین و شەپۆرانش هەبوون کە لەلایەن ژنانەوە بە دەنگ و ئاوازەوە دەگوتران. کاتیٚ کە پیاوێك بە شێوەیەکی نائاسایی مردبا، ژنان کۆڕی سەردولکەو شین و شەپۆریان بۆ دەگێڕا. ئیدی عادەت وابوو..هەموو ئەم شتانە لە ناخەوە دەیانهەژاندم. لە گوندەکەماندا، کەس بە قەد من لەو داستان و بەیتانەی لەبەر نەبوو.خۆ بە خۆ بووبووم بە ئاشقێك لەو گۆڕە. ئیدی یان بەیت و داستانی خەڵکی ترم دەگوتەوە، یان بەخۆم بەیت و داستانانم دەهۆنییەوە.ئیدی ناوم دەرکردبوو و دەمتوانی سوود لەم بەهرەیەم وەربگرم.پاشان کەوتمە کەڵکەڵەی ئەوەی هەر هەموو ئەم چیرۆك و نەقڵ و بەسەرهاتانە بە شێوەیەکی رێك و پێك کۆبکەمەوە. کە چووم بۆ قوتابخانەی گوندەکەی دراوسێمان، زیاتر لەبەر ئەمەبوو کە فێری نووسین ببم و ئەو بەیت و گۆرانیانە تۆمار بکەم و بنووسمەوە. من کۆمەڵێك دۆست و ئاشنام هەن کە تا رۆژگاری ئەمرۆش سەرگەرم و مژولی لێکۆڵینەوەی بەرهەمی فۆلکلۆرین. ئەوانە ژمارەیەك لەو گۆرانی و ئاوازانەیان دۆزیوەتەوە کە من لەو زەمانەدا دامنابوون. ئیدی ئاشقەکان کردبوویانن بە هی خۆیان. عەنتیکەیە ها!؟ دەزانی لەو تەمەنی یازدە ساڵییەدا، چەندین جار پێشبڕکێم دەگەڵ ئاشقەکانی ئەو سەردەمانەدا کردبوو. بە تایبەتی دەگەڵ یەکێکیاندا کە پیاوێکی نزیکەی پەنجا ساڵان بوو و بە گەورەترین شایەر و ئاشقی کۆسارەکانی تۆرۆس دەژمێررا.

*- گوتت گوندەکەی زاگەی تۆ، کاروانسەرای خێڵاتی عەشایەری کۆن بوو. ئایا خانەوادەکەی تۆش لەوان بوو؟

–ماڵباتی من لە رۆژهەڵاتی چیاکانی ئاراراتەوە هاتبوون و کوردبوون. خاڵم شایەرێکی گەورەو رێگرێکی بەناوبانگ بوو. پیاوێکی یەجگار مەنشوورو مایەی رێزو حورمەت بوو. بابم دێهاتی بوو و توانی بووی ژیانێکی باش بۆ خۆی فەراهەم بکات. کە من تەمەنم چوا ساڵ و نیو بوو، بابم بە بەرچاوی منەوە کوژرا. بیست ساڵ لەوە پێش منداڵێکی نێرینەی بە فرزەندی هەڵگرتبووەوە. من و بابم لە حەوشی مزگەوتەکە ، خەریکی نوێژکردن بووین کە ئەو زڕبرایەم هات، دەیویست قسە دەگەڵ بابم بکات. بابم لە خۆیی دوورخستەوەو گوتی: " جاریٚ نا، من خەریکی نوێژکردنم." زڕبرایەکەم لە پشتەوە بەرچەقۆی دا، بابم دەمودەست گیانی دەرچوو. هەرگیز بۆم دەرنەکەوت کە بۆ ئەمەی کرد؟ دوای ئەم رووداوە بۆ چەندین مانگ زمانم بەسترا، لاڵ بووم. زڕبرایەکەم هەژدە دانە ساڵ لە زنداندا مایەوەو هەرکە لە زندان هاتەدەریٚ کوژرایەوە. دەرنەکەوت کیٚ کوشتی. بەلاٚم بکوژی زربرایەکەم لە بنەماڵە وخانەوادەکەی ئێمە نەبوو. بە مردنی بابم خانەوادەکەمان لە قوڕی رەش نیشت.

*- هەڵبەتە ئەمە بۆ تۆ سەرەتای دەورانی سەرگەردانی و سەرەرۆیی و سەرکێشی بوو؟

– کاتیٚ قوتابخانەی سەرەتاییم تەواو کرد، بە مەبەستی کارکردن لە کارخانە، چووم بۆ ئەدەنە. سەد کیلۆمەتر رێگام بە پای پیادە بڕی. کارخانەی نێوبراو، کارخانەیەکی بەلـژیکایی

پەمووبژارکردن و دەزوو ڕێسی بوو. تەمەنم چواردە ساڵان بوو و دەمویست بەدەم کارکردنەوە، قۆناغی ناوەندیش بخوێنم. بەڵام نەخۆش کەوتم، هەم قوتابخانە و هەم کارخانەکەشم تەرك کرد.ئیدی بۆ کارکردن چومە مەزرایەك و لەوێوە کەوتمە تاقیب و سۆراخی فۆلکلۆر و دنیای فۆلکلۆر. جەنگی جیهانی دووەم دەستی پێکردبوو. لەو سەروبەندەدا بوو کە تێکەڵی دنیای سیاسەت بووم. ئاشنایەتیم دەگەڵ سپارتاکۆسییەکانی تورکدا، کە ناچار بووبوون ئەڵمانیای نازی بەجێبێڵن ،پەیدا کرد بوو. زۆربەیان لە ئەدەنە بوون و هەندێکیانش وەکو ئیقامەی ئیجباری بۆ ئەم شارە( ئەدەنە) نێردرابوون. وەکو ئەو ژن و مێردە ئەستەمولیەی کە بوون بە دۆست و ئاشنای من.

یەکەمجار بە تۆمەتی بانگەشەی خەراپکارانە دەسگیر کرام و یەك هەفتە لە زینداندا هێڵرامەوە. پاشان دەستم دایە شوفێری تراکتۆر و کاری مەرەزەوانی و هەر کارێکی کە رێکەوتبایە. لای پۆلیس ناسرابووم و هەرکە دەیانزانی لە شوێنێکدا کارێکم دۆزیوەتەوە و مژوڵی کارم ،یەکسەر بێکاریان دەکردم. ساڵانێکی ترسناك بوو. هەمیشە لە دووم بوون و وەکو سەگێك تاقیبیان دەکردم. بچوومایەتە ژێر ئەرزیش بە دووما دەهاتن. ئەنجام بۆ ئەدەنە گەڕامەوەو بووم بە عەرزەحاڵنووس. لە کوشکێکی دارینی نیمچە وێرانی نێوان دوو دوکانی قەسابیدا دادەنیشتم. کاریش کەم نەبوو. ساڵی ١٩٤١ بوو کە یەکەمین کورتە چیرۆکم نووسی.دەقێکی سی لاپەڕەیی بوو بە ناونیشانی (گەمەیەکی گەمار) باسی دەسدرێژییەکی نامووس بوو و لە کیژێکی ناسیاوم کرابوو، دەسدرێژییەکە هێندە دڕندانە بوو، کە بیستم یەك رۆژی تەواو گریام و پاشان لێبڕام بینووسم..

*- فەرخە شاعیرێك کە لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا دەبێت بە عەرزەحاڵنووس، ئایا ڕێڕەوی درو ستبوون و سەرەتای نووسەرێك وایە؟

– بە هەرحاڵ، ئەم ساڵانە، ساڵانی شاگردی و قوتابیەتی بوو.چونکە من هەمیشە کاری نووسینم بە جۆرە شاگردییەك ژماردووە، جۆرێك لە پەیوەندی مامۆستا بە قوتابی و شاگردەوە. کۆمەڵێك مامۆستام هەبوو. سەرباری ئەوەی کە لەم ساڵانەدا بوو ئەدەبیاتی جیهانم کەشف کرد و دۆزییەوە: لەو سەردەمەدا تورکیا بەهەشتی پاچڤە بوو، چونکە دەوڵەت هەموو کاروبەرهەمە کلاسیکە گرینگە کانی بە پاچڤەوانان دەسپارد کە پاچڤەی بکەن و لە شێوەی کتێبی گیرفانی هەرزان بابیدا بلاوی دەکردەوە: دۆستۆیفسکی، فلۆبێر، زۆلا، ستندال، گۆرکی...نازانم چەندجار ژەرمینال، مەدام بۆڤاری، یان گەمژەم خوێندەوە..خوێندنەوەی بە ڕاستی خوێندنەوە. خوێندنەوەیەك لە بیر نەچێتەوە..

*- دەربارەی تۆ دەڵێن نووسەرێکی خودپەروەردە، خۆت خۆت فێرکردووە..

– باشە تۆ نووسەرێکت پێ شك دێت کە لە قوتابخانەوە هونەرەکەی فێر بووبێت؟ هەموو نووسەرێك، تەنانەت گەورەترین نووسەرانیش خۆیان، خۆیان فێرکردووەو خۆیان پێگەیاندووە: هۆمەر، تۆلستۆی یان بالزاك، بۆمن مایەی شانازییە کە بە خودپەروەردە بێمە ژماردن. چونکە بە ڕاستی دوو جاران خودپەروەردەم: چ وەکو نووسەر و چ وەکو قوتابییەکی قوتابخانە

تەرککردوو. باشترین قەتابخانەیەك بۆ من، کتێبخانەی شاری ئەدەنە بوو کە لە پاش خزمەتی سوپایی وەکو پاسەوان لەوێندەر کارم دەکرد: ئەم کتێبخانەیە پتر لە سی هەزار کتێبی تێدا بوو.
*- لە نێو نووسەراندا گەورەترین سەرمەشقت کێ بوون؟
- ئەگەر تۆ سوور بیت لەسەر ئەوەی من پێشینانی خۆمت پێبناسێنم پێویستە بڵێم کە لە هۆمەرەوە دەست پێدەکات و بە شەکسپیرو مۆلیردا دێت، بە ستندالْ و تۆلستۆی دا دەڕوات و لە چارلی چاپلیندا کۆتایی دێت. قەوم و قیلەوماڵبات و خانەوادەی من ئەمانەن.بەلاّم نووسەرێك کە لە هەمووان پتر کاریگەری و باندۆری لەسەر من هەبووبێ، سیرڤانتسە کە لە ساڵی ١٩٥٠دا لە زنداندا کەشفم کرد و ناسیم. یەك ساڵی رەبەق دۆنکیشۆتم خوێندەوەو خوێندەوەو کاتێ کە دەستم بە نووسین کرد، ئەگەر کەسێك وێنەی گرتبام دەیتوانی ئەم وێنەیەم بگرێت: کەمال بە دیار تایپێکەوە، دۆنکیشۆت لەلای چەپی و دەمانچەیەکی لە ڕۆژنامەوە پێچراو لە سەمتی راستییەوە.
*- تۆ یەکەمین کورتە چیرۆکت لە ساڵی ١٩٤١ دا نووسی، بەلاّم یەکەمین کتێبت کە کۆمەڵە چیرۆکێك بوو لە ساڵی ١٩٥٢ دا بلاّو بووەوە. لەم ماوەیەدا چ واریقاتێ رووی دا؟
- من هەمیشە خەباتکارێکی سیاسی بووم. تەنانەت لەو ساڵانەشدا کە وەکو شایەرو ئاشقیش ناسرابووم. لە ساڵی ١٩٥٠دا بۆ جاری دووەم گیرام و یەك ساڵی تەواوم لە زنداندا بردەسەر. دوای ئازاد بوون ، ئەدەنەم بەجێهێشت وچووم بۆ ئەستەمولْ و لە رۆژنامەی (حوریەت)دا وەکو پەیامنێر دامەزرام. زۆر زوو ناوم دەرکرد، چونکە لە مێژووی رۆژنامەوانی تورکدا بۆ یەکەمجار بوو کە راپۆران بە زمان و شێوازێکی تەواو تازە دەربارەی ژیانی رۆژانەی خەڵکی، هەژاری، بێکاری و نائومێدی بلاّو دەبووەوە. لە ساڵی ١٩٦١دا ریپۆرتاژێکی گەورەم بە ناونیشانی( پەنجا رۆژ لە جەنگەلاّنی شەوتاندۆخ)دا ئامادەکرد...دوای ئەوە دەستم بە نووسینی کارێن زنجیرەیی لە رۆژنامانـدا کرد. ئەوە بوو (ئینجە مەمەد=حەمەدۆك)م بە زنجیرە بلاّوکردەوە. ئەم کتێبە کە لە ساڵی ١٩٥٥دا بلاّوبووەوە، خەلاّتی یەکەمی ڕۆمانی وەرگرت و دەمودەست بوو بە سەرکەوتنێکی گەورەی جەماوەری خەڵکی. تا هەنووکە پتر لە چوارسەدو پەنجا هەزار نوسخەی لە تورکیا لێهاتووەتە فرۆتن و دیارە ئەم تیراژە بۆ ئەم مەملەکەتە یەجگار زۆرە و رۆمانی (ئینجەمەمەد) ئەمرۆکە لە نێو جەماوەری خەڵکیدا بە ئەندازەی داستانی (کوێر ئۆغڵو) بە نێوبانگە. لە نێو ئەو سێ هەزار ئاشقەی کە ئەمڕۆ لە ئەنادۆڵدا دەژین، زۆربەی هەرە زۆریان داستانی ئینجەمەمەد دەگێڕنەوەو بە گۆرانی دەیڵێنەوەو زۆربەیان نازانن کە ئینجەمەمەد رۆمانێکی نووسراوەو هی ئەم سەردەمەیە و پێیان وایە یەکێکە لە سەرگورشتەو سەربهوردە فۆلکلۆرییەکان...
لە هەمان کاتدا پابەندی ئیلتیزاماتی سیاسی خۆیشم بووم و، بە ئەندامی کۆمیتەی حیزبی کرێکارانی تورکیا هەڵبژێردرام و تا ساڵی ١٩٧١ کە ئەو حیزبە هەڵوەشایەوە، هەر لەو پۆستەدا مامەوە.ئەم حیزبە هەڵبەتە حیزبێکی کۆمۆنیستی نەبوو، بەلاّم حیزبێك بوو لایەنگری ئەوە بوو کە کرێکاران چاودێری و سەرپەرشتی بەرهەمهێنان بکەن وهیچ مۆدێلێکی سوسیالیستی باوی قەبوولْ نەبوو و توانی چوارده نوێنەر بگەیەنێتە پارلەمان. دوای داخستنی حیزبیش، جارێکی